**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠١٢/٩/١٧ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی٢٠١٢

## یاسای بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا کە لە دەرەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا خزمەت دەکەن لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی یەکەم:**

یەکەم: هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا یان ئەو بڕوانامەی هاوتایانە، لە فەرمانگەو دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، کە لە دەرەوەی فەرمانگەو دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی خزمەت دەکات، مافی بەدەستهێنانی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی زانستیی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم: هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا یان ئەو بڕوانامەی هاوتایانە، کە لە کەرتی تایبەت کار دەکات، مافی بەدەستهێنانی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی زانستیی هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دووەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێڕەوێکی تایبەت بە بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی زانستی، بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، دەربکات.

**ماددەی سێیەم:**

ئەوانەی حوکمەکانی ماددەی یەکەم (یەکەم)ی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە دەرماڵەی نازناوی زانستیان پێ دەدرێت بەپێی ئەو پێڕەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لـە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لـە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

بەمەبەستی هاندان و پەرەپێدانی داهێنان و توێژینەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامـەی ماسـتەرو دکتۆرا لـە هەرێمی کوردستان و مسۆگەر کردنی مافەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

---

تێبینی / ئەم یاسایە به بڕیاری ژمارە( ٢٠ ) لـە ٢٠١٢/١٠/٧ لـەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.